بافڵ تاڵەبانی وباڵیۆزی ئیتاڵیا دوایین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان و عیراق و ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر پێشوازی لە نیکۆلۆ فۆنتانا باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عیراق کرد.

نوسینگەی رۆژنامەوانی سەرۆک یەکێتی لە ڕاگەیەندراوێکدا کەدەستی موتەڵیع کەوتووە بڵاویکردەوە لە دیدارەکەدا دوایین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان، عیراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا.

سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی رایگەیاند: بە کاری پێکەوەیی لەم قۆناغەدا دەتوانین زاڵبین بەسەر ئاستەنگەکان و خزمەتی خەڵکەکەمان باشتر بکەین.

پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیا بە تایبەتی لە بواری وەبەرهێنان تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.